بەغدا نوسراوی خەرجکردنی موچەی مانگی شەشی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان واژۆ دەکات



تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق ئیمزای لەسەر نوسراوی خەرجکردنی موچەی مانگی شەشی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لەوانەکردنی پارەکە دەکەوێتە ڕۆژی یەکشەممەی ئایندە.

بەگوێرەی زانیارییەکان کۆدستی موتووع کۆتووڵ، ئەمڕۆ پێنجشەممە تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق ئیمزای لەسەر نوسراوی خەرجکردنی موچەی مانگی شەشی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کرد و نوسراوەکە لەوانەی بەشی ژمێریاری وەزارەتەکە کراوە، بەڵام بەهۆی تەواوبونی دەوامەوە لەوانەکردنی پارەکە دواخراوە بۆ ڕۆژی یەکشەممە.
بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەگەر ڕۆژی یەکشەممە پارەی موچە بگاتە هەولێر ئەوا پێدەچێت ڕۆژی دوشەممە لیستی موچە لابگەیەنرێت و ڕۆژی سێشەممەی داهاتوی دابەشکردنی موچە بەهەمان خشتەی مانگی پێشو دەستپێبکات.
وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیانی ئەمڕۆ لە لاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "ئەمڕۆ داهاتی نانوتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی (حوزەیران/6)ی ئەمساڵ کە

بەکەی 120 ملیار دینار، بۆوەی کاش خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدرالە لەلقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق".